# ئـەرســـــــتـــــــۆ (٣٨٤-٣٢٢)پ.ز

**وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: ئەکرەم ئەنتاکی**
**وەرگێڕانی بۆ کوردی: دڵشاد هیوا**

بەشێوەیەکی گشتی ئەرستۆ لەپاڵ سوکرات و ئەفلاتۆن دا بە یەکێک لە هەرە گرنگترین فەیلەسوفەکانی گریک دادەنرێت.

ساڵی ٣٨٤ی پێش زایین لە شاری "ئیستاگیرا"ی مەکدۆنیا لەدایک بووە و ساڵی ٣٢٢ی پ.ز لە (خەلکیس) کۆچی دوایی کردووە، ئەو شارەی کە دوای ئەوەی ناچارکرا ئەسینا بەجێ بهێڵێ و کۆچی بۆ کرد و ڕۆژەکانی کۆتایی تەمەنی تێدا بەسەربرد.

باوکی پزیشکی دەرباری مەکدۆنیا بووە، بەڵام (فیلیپۆس)ی پادشای مەکدۆنیا داوای لێدەکات کە ئەرستۆ ببێتە پەروەردەکاری (ئەسکەندەر)ی کوڕی. (ئەوەی کە لەمێژوودا بە ئەسکەندەری گەورە ناسراوە).

ساڵی ٣٦٧ی پ.ز ئەرستۆ وەک قوتابییەکی ئەفلاتۆن دیارکەوت، دواتر بووە یەکێک لە شوێنکەوتە پایە بەرزەکانی ئەوو بەدرێژایی بیست ساڵ بەم شێوەیە مایەوە. کەچی دوای مردنی فەیلەسوفی خوداوەند (ئەفلاتۆن) دەستبەرداری بیروباوەڕی مامۆستاکەی بوو. دواتر بە یەکجاری واز لە فێرکردنی ئەسکەندەر دێنێ لە دەرباری مەکدۆنیاداو هەر بە رەزامەندی ئەو دەگەڕێتەوە ئەسینا تاوەکو قوتابخانەیەکی فەلسەفی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێ، ئەو قوتابخانەیەی کە بە (لیکییەکان) ناسراوە (دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەرستگایەی کە لە دەوریدا بوون و بە پەرستگای ئەپۆڵۆنی لیکیۆنی "راهێنەری گورگەکان" ناسراوە).

لەو شوێنەدا (لە قوتابخانەکەیدا) دوانیوەڕوان وانە ئاشکراکانی خۆی دەوتەوە کە تێگەیشتنیان سانابوو یاخود رێنمایی گشتی (ئێکزۆتریکی)[1] بوون بۆ ئەو کەسانەی توانای گوێگرتنیان هەبوو. وەلێ سبەینان تەنیا وانەی بەقوتابییە هەڵبژێردراوەکانی خۆی دەوتەوە (ئەوانەی کە دواتر بە "فەرەڕەوەکان، المشائیین" ناسران، بەهۆی ئەوەی بەدەم رێکردنەوە زانستەکانیان وەردەگرت)، بەدەم رێکردنەوە لە گەڵیاندا، ئەوانی لەباخچەکەیدا فێردەکرد، ئەو وانانەی پێدەوتنەوە کە گرانفەهم و ئەبستراکت بوون، یاخود نیوخواهی (ئێزۆتریکی) [2] بوون، ئەوەشی کە بە ئێمە گەیشتووە تەنیا لە بەشەکانی کۆتایین. ئەو نووسینانەی کە لەپاش ئەرستۆ بەجێماون ئینسکلۆپیدیانەو قەبەن (ئەفسانەی چاخە دێرینەکان دەدرێتە پاڵ وی و بۆتە خاوەنی چوارسەد نووسین، کە لەوانە بەشێوەیەکی نیمچە تەواو تەنیا چل و هەفت دانەمان بەدەست گەیشتووە، سەرباری چەند پاژێکی پەرتەوازە لە سەد دانەی تر)، ئەمە جگە لە پێنجگانە بەناوو دەنگەکەی کە بە ئۆرگانۆن (Organon)ناسراوە.

لەنێو نووسینەکانیدا ئەوەی کە جیای دەکەینەوە بریتییە لە چەند بەشێک لەلایەکەوە پەیوەستە بە زانستە تیۆرییەکانەوەو، ئەوانی دیش کە پەیوەستن بە زانستە پراکتیکییەکانەوە لەلایەکی ترەوە.

ئۆرگـانۆنیش لەمـیـانـەی تیـۆری سـەلماندن و بەڵگەهێنانەوەدا بنەمـایەکی لۆژیکی شـێـوەی (المنطـق الیّـوری)مـان دەداتێ بەتایبـەتی ئەوەی کـە دواتر بـە سلیـۆجـیـزم (Syllogisme) ناو دەبرێ.

لێرەدا کـەمێک دەوەسـتین بەر لەوەی دەسـتبکەین بەوەڕووخـستنی کـورتەیەک لە فیکر و کارەکانی ئەرسـتـۆ، بۆ روونکردنەوەی هەندێ شت لەو بەشـانەی سـەرەوە، لە تابلۆی (قـوتابـخـانەی ئەسینا)ی نیگارکێشی ئیـتالی (رافـائیل) دەڕوانین کە تێیدا ئەفـلاتۆن (لای چەپ) و ئەرسـتـۆ (لای راست)ەوە دەردەکـەون، هەردووکـیـان پێکەوە دەڕۆن و گفتوگۆ دەکەن. تێیدا یەکەمـیـان (ئەفلاتۆن) بە پەنجـەی ئاماژە بۆ سـەرەوە دەکات و بـەمـەش جـەخت لەسـەر لایەنی ئایدیالی فـەلسـەفـەکەی دەکات کە لە قـووڵایی خود و لە باڵاگە (ترانسێندێنتاڵ) (٣) دا، بۆ حەقیقەت دەگەڕێت، لەکاتێکدا دووەمیان (ئەرسـتـۆ) ئامـاژە بۆ خـوارەوە دەکـات، بەمـەش جـەخت لەسـەر ئەوە دەکـاتەوە کـە ناوەڕۆکی فەلسـەفەکەی زیاتر نزیکترە لە واقیـع و مرۆڤ. ئەمـەش ناکۆکی بنچینەییە لەنێـوان مـامۆسـتـاو قـوتابییـەکەیدا، کـە هەوڵدەدەین لەمـیـانەی ئەمـەی خـوارەوەدا کەمێک زیاتر شیبکەینەوە:

١- زانسـتـە تیـۆرییـەکان: ئەوەیە کە ئـەرسـتـۆ بەشـێـوەیەکی بنەڕەتی لـەژێربەندی فـیـزیادا کـۆیکردوونەتەوە "وەک ئەوەی کـە لە سـەدەی یەکـەمی پ.زدا هـاتووە" و نزیکە لەو مـیـتـافـیـزیکایەی کە دوابەدوای ئەو هـاتووە. ئامـانجـیـشی گـەڕانێکی دروست بووە لەدووی حەقیقەت.

ئەمـــەش هزری بنـچـــینـەیی و جـــیـــاوازی ئەرســـتـــۆ دەردەخـــات کـــە بەهـۆیەوە لەمـــامـــۆســـتـــاکـــەی دوورکـــەوتەوە. لەبـەر ئەوە دەبیـنـین رەخنـە لەچەمکی نموونـەیی (ئایـدیال) دەگـرێ، بـەتایبــەت ئەوەی کـــە پەیوەســتـــە بـە چەمکی ژمـــارەوە چونکە لە روانگەی ئەوەوە واقیـعێکی ئەزمـوونگەرییـانـە دەبەزێـنێ، هـەر بەو شـێـوەیەش دەبینین

پێشینە ئەفلاتۆنییەکان رەتدەکاتەوە (بەتایبەت تیۆری بیرکەوتنەوە)[٤] کە دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی رەهەندی واقیعیانەو کەرامەتی ئەنتۆلۆژیانە[٥] بۆ تاک.

زانستیش- بەپێی وتەی ئەو- نییە، مەگەر وەک شتە گشتییەکان[٦] نەبێت، یان وەک تایبەتمەندییەکی هاوبەش لەنێوان تاکەکاندا. هەروەها ئەوە خەڵکەکە تایبەتمەندی ئەدەنە ئەو سیفەتانەی کە وەک چەمکگەلێکی پلە بە پلە رۆح (بە پیتی رەگەز و جۆرەکانی) کەنارگیر دەکەن.

لەبەر ئەوە گەر لە تەنیا بوونەوەرێکمان[٧] کۆڵییەوە، ئەوا نیازێکی تیا دەبینینەوە بۆ گۆڕانێکی هەمیشەیی، بەم شێوەیە دەبینین کە سیفەتگەلێک لە خۆیدا بە دەستدێنێ کە پێشتر تەنیا سیفەتگەلێکی گریمانەیی بوون: ئەمەش مانای دۆزینەوەی ناوەندیارییەکە لەنێوان بوون و نەبووندا. ئەم ناوەندیارییەش کە باسی دەکەین بەهۆی هێزێکەوەیە، یان بۆ گواستنەوەی ئەو توانا هۆکارییە (القدره الساعیه)یە بۆ ئەو کارلێکەی دەماندادتێ لە رێگای کردەی ئەو بوونەوەرەی کە دەیبینین، ئەمەش مادەیە، کە وایە مادە لەم سۆنگەیەوە ئەوەیە کە لەم هێزەوە دەردەکەوێ و لەمیانەی کردارەوە وێنەیەک وەردەگرێ، لێرەوە وێنە (شێوە) بەم شێوەیە دەبێت: بریتییە لە بنەمایەکی رێکخراوی مادە کە مانای پێ دەبەخشێت، چونکە مادە هۆیەکە (لە هۆکارە مادییەکان) کە ئەرستۆ جەختی لەسەر دەکاتەوە بۆ شیکردنەوەی ستراکتۆری بوونەوەر، لێرەدا هەوڵ دەدەین ئەمە ئاسانتر بکەین و بەردێکی مەرمەڕ وەک نموونە وەردەگرین و وای دادەنێین ئەوەی کە لەدوای داتاشینی پەیکەرەکەوە لێی دەردەچێ لە دید و هاندانێکی مادییانەوەیە.

لێرەدا پاڵنەری شێوە وەرگرتنەکەی ئەو فیکرەیە کە شێوەی پەیکەرەکە دیاری دەکات (ئەو بیر هاتنەی کە لە زەینی پەیکەرتاشەکەدایە) لەکاتێکدا هۆی کاریگەر ئەو ئامرازە کاریگەرەیە کە دەبێتە هۆی گۆڕان لە پارچە مەرمەڕەکەوە بۆ پەیکەر

(بەهۆی ئەسکەنەلێدانەوە). بەڵام مەبەستی کۆتایی ئەو ئامانجەیە کە پەیکەرەکەی لەپێناودا چێ دەکرێ (وەک خواستی دەستکەوتێکی مادی، یا خۆشەویستی هونەر، یان هەرشتێ مەرج نییە سنووردار بێ).

لەبەر ئەوە دەبینین هەموو بوونەوەران لە هەوڵێکی تەواودان بۆ وەدیهێنانی ئامانج، کە بە شێوەی زنجیرەیەکی ریزبەند بەجۆرێ کە بگونجێ لەگەڵ پوختی وێنەکەیدا دابەش دەکرێ.

بۆ نموونە: گەر وامان دانا کە خود پاڵنەری شێوەییانەی تەنێکی زیندووە، ئەوا لێرەوە کەرامەتی ئەنتۆلۆجیانەی زیندەوەران لەگەڵ ئەو خودانەدا دەگونجێ کە دەکرێ رووەکی بێ (وەک رووەک) یان هەستی بێ (وەک ئاژەڵ) یان قسەکەربێ (ئەمەش ئەو سیفەتەیە کە مرۆڤ لەوانی تر جیادەکاتەوە). بەم پێیەش هۆیەک هەیە کە ئەرکی گواستنەوەی خود (ایل)ە بۆ تەواوی جووڵەکان، مەبەست لە (جووڵە)یش لێرەدا هەموو گۆڕانە چەندێتی و چۆنێتییەکانە کە کاریگەرە لەسەر تەواوی بوونەوەرانی گەردوون). سەرەنجامیش: ئەوکات بەهیچ شێوەیەک ناکرێ لەرێگای شوێنکەوتنێکی راستەوخۆی زانیارییەکانەوە دەست بدرێ لە چییەتی هۆکارەوە (لەمس بکرێ)، چونکە لەم حاڵەتەدا دەبێ هەمیشە لە خاڵێکی دیاریکراودا راوەستین– لەمەوە لۆژیکیش دەمانگەیەنێتە دەرئەنجامی بوونی بزوێنەری یەکەم Pri-Mobile mum (هەربوو، هەمیشەیی).

بزوێنەر کردارێکی پوخت و ئەبستراکتەو بەرخورداره لە تێکڕای سیفەتەکان و بەڕادەیەکی تەواو کامڵە–ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە بە (خواوەندی ئەرستۆ) ناو دەبرێ، ئەویش ئەو کردارە بێ خەوشەیە کە قابیلی گۆڕان نییە، هەروەها بزوێنەری هەموو جووڵەکانی تری گەردوونە.

گرنگترینیشیان ئەو بزاوتە عەقڵییەیە کە دەکرێ بەشکۆدارترین شێوەی بزووتن دابنرێ.

لەمـەوە ئاماژە بەوە دەکـەین کـە کرداری عـەقڵـمـەندانـەی خـوداوەند لەگـەردووندا راسـتـەوخـۆ نییـە، بەڵکو وەک نموونـەیەکی رەهاو دوایەمـین هـۆکـار کـرداری خـۆی ئەنجام دەدات و کێشەنی خۆی بەسەر هەموو بوونەوەراندا پەیڕەو دەکات.

٢- زانستە پراکتیکییەکان: لەدیدی ئەرستۆوە، ئەمیش ئاکار (مۆراڵ) و سیاسەت دەگرێتەوە.

لێـرەدا کـەمـێک لە باسـەکە لادەدەین و ئـامـاژە بەوە دەکـەین کـە رۆژئـاوا لە رێگای فـەیلەسووفـە عـەرەبەکانەوە ئەرسـتـۆیان ناسـیـووە، ئەوەشی کـە دواتر پێکیـان هێنا لە رێگای (تۆما ئەکوین)ی قەدیسەوە دەستیـان کەوت، و بەشێکە لە فیکری مـەسیحی و جیـا نابێتـەوە. قـەدیس تۆمـا، ئەرسـتـۆی وەک فەیلەسـوفێکی کـامڵ (philosophe le)و نوێنـەری راسـتـەقـینـەی فـەلسـەفـەیەکی نەمـر (perennis Philosophia) دەبینی (ئەو تەختەی کە ئەرستۆ بۆ ماوەیەکی درێژ لەسەری دانیشت) هەر چۆن بوایە بۆ گەواهی دان دەوترا: ئەرسـتـۆ وتی (! dixit tles Aristo) هـەتا سـەردەمی رێنیـسـانس و هـاتنی دیکارت ئـەم سـیـفـەتانەی لێ جـیـانـەدەبۆوە، ئەوکـات سـەرلـەنوێ دەسـتکرایەوە بە چاوپیـاخـشـاندنەوەی هەندێ لە زانسـتـەکـانی. ئەوەی کـە سـەر لەنـوێ خـرایە ژێر خوێندنەوەوە، یەکەمجار ئەوەبوو کە پەیوەست بوو بە میتافیـزیکاوە، کە تێگـەیشتنی ئەو بۆی بە پاڵپشتی ئاستی زانستەکان لەو سەردەمەدا، بە تەواوی گریمانەیی بوون و کارێک بوو بە تەواوی لەگەڵ ئەنجامی ئەزموونەکانیدا وێک نەدەهاتنەوە.

هـەروەها ئـەم چاوخـشـاندنەوەیە دەگـەرێتـەوە بۆ هـەوڵدان بۆ زیاتر روونـکردنەوەی بیـروڕاکانی بەشـێوەیەکی گـشـتی، چونکـە بە درێژایی چەندان سـاڵ وشک و تات و بانکاتی بووە.

بەڵام سـەرباری گشت شـتێ (تا ئێسـتـاش) و بەتێپەڕینی سـەردەمەکـان، ئەرسـتـۆ وەک یەکێ لە گرنگترین بیریارەکان دەمـێنێتـەوە کە کاریگـەرییەکی گەورەیـان لەسـەر فیکری مرۆڤایەتی هەیە.

لە شرۆڤەکارییەکانی یەکەم و دووەمدا، کە بەشی سێیەمی ئۆرگانۆن پێکدەهێنێ، ئەرستۆ وتەزاگەلێکی گرنگ دەڵێتەوە-زانینیش وەک ئەوەی کە ئەو تێیدەگات، پەیبردنێکی روونە بەم وتەزایانە (کاتەگۆری). هەر بەم شێوەیەش باس لە مەرجە دروستەکانی بەڵگەو سەلماندنەکان دەکات بەتایبەتی لەگەڵ ژماردنی چەشنە جۆراوجۆرەکانی پێوانە.

سەرباری ئەمانە، ئەگەر وەک ئەوەی وتراوە راست بێ، ئەوا ئەو نییە کە ئەمجۆرە لە بەڵگە هێنانەوەی وەک جۆرێ لە شێوەی ناچارکەر ئاشکرا کردووە، بەڵکو هەوڵی داوە کە ئەمە وەک کامڵترین سیستمێ دابنێ کە بتوانێ لە رێگەیەوە پاک بێتەوە لەهەموو دەرکەوتەیەکی وەهمیانە.

لە شیکارییەکانی یەکەمیدا، ئەرستۆ بنەمایەکی تیۆری داناوە بۆ تێکڕای شێوەکانی بەڵگەهێنانەوەی پێودانگی (الاستدلال الاسنادی)- ئەوەی کە رێگە دەدات بۆ گەیشتن بە ئەنجامێک لە دەستپێکی یەکەم دیارخستنەوە (نیشاندانەوە)، هەروەها لە رێگای بەڵگەیەکی (ناوەندییەوە) کە ناوەندیارێکی گرنگ پێکدێنێ- لەگەڵ ئەوەشدا لای ئەو نیشاندان بە رێژەیەک شێوەیەکی ئیسنادی وەرناگرێت (لە جۆری أ بریتییە لە ب)- ئەمەش کارێکە لەلایەن زاناکانی ژیربێژی هاوچەرخەوە قبووڵ نەکراوە. ئەمڕۆیش بەپێی وتەی (ج، برن هاردت)، (سنوورداری) ئەم بیردۆزەمان بۆ دەردەکەوێ "تەواو وەک ئەو حاڵەتەی کە ئەمڕۆ دەرهەق بە ماتماتیکی ئەلکیدیسی هەیە". بەڵام لە شرۆڤەکارییەکانی دووەمیدا، لەرێگەی وانەکانییەوە باس لەو رێگە پلە بە پلەیە دەکات، کە بەهۆیەوە مەعریفە دروست دەبێ، کە بێگومان بە هەست دەستپێدەکات تا دەگاتە تێگەیشتنێکی عەقڵیانە (هەڵێنجان یان سوسەکردن) لە رێی خەیاڵ و ژیرییەکی گشتییەوە.

بێگومان، بەهۆی شیکارکردن لەمەڕ تیۆرییە دەرەنجامییە راست و دروستەکەی،

لە مێژووی فەلسەفەدا جێگایەکی هەڵاوێژراوی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەوە دوای دوو هەزار ساڵ کانت دەڵێ: "لە ڕۆژانی ئەرستۆوە تا ئەمڕۆمان هیچ پێشڤەچوونێک لە لۆژیکی شێوەییانەدا ڕووی نەداوە".

لەگەڵ ئەمەشدا، هەندێک پێی وایە لە لۆژیکی ئەرستۆدا گرژی و جەمامبوونێک هەیە کە لەوانەیە بەشداربووبێت لە درەنگ دەرکەوتنی زانستی ڕاستەقینەدا، لە ڕەوتی پێشبەستن و گرنگیدانی لە ڕادەبەدەر بە ئەبستراکت لەسەر حیسابی تێبینیکردن و ئەزموونکردن. ئەوەشی کە لێرەدا تێبینی دەکەین ئەوەیە کە جگە لەلای یاوەرانی پێگەیشتووی زانستی گوفتار (علم الكلام) لەم جۆرە ئاڵۆزی و زیادەڕەوییە لە لۆژیکدا نابینین.

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بە هیچ کلۆجێ ئەوە لەیاد نەکەین کە دەرئەنجامی لۆژیکیانە لە تێڕوانینی ئەرستۆ خۆیشیەوە وەک ئەوەی لە نووسینەکانیدا ڕوونی کردۆتەوە، دروست نابێ، بەڵکو تەنیا لایەنێکە لەلایەنەکانی زانست. هەمانشت لای ئێمەش گەلاڵە دەبێ لەمەڕ لەیەنی ئەزموونگەری هەندێ لە نووسینەکانی تری وە (مێژووی گیانەوەران، گەردوون و خراپە، هەروەها دەربارەی ئاسمان و...هتد).

هەندێ لە ڕەخنەگرانی هاوچەرخیش پێیان وایە کە کتێبی (ئاکاری نیکۆماخی)، (ئەو کتێبەی کە ئەرستۆ بۆ کوڕەکەی، نیکۆ ماخۆسی نووسیوە) تاکە کتێبیەتی کە دەربارەی ئەو بابەتە نووسیویەتی، سەرباری ئەوەی کە ئەم کتێبە لە ڕۆژانی ژیانی خۆیدا بڵاونەکرایەوە، بەڵام دواتر لەسەر دەستی کوڕەکەی بە زیادکردنی هەندێ پەراوێز کە ئەرستۆ دایناوبوون بڵاوکراوەتەوە و لەوانەیە دەربارەی هەندێ وانەی گشتی بێ. بەڵام کتێبی تر کە دەدرێتە پاڵ وی و پەیوەندی بەم بابەتەوە هەیە بریتییە لە "ئاکاری ئۆدیمۆس" و "ئاکاری گەورە" و هەروەها وتارێک لەسەر چاکەو خراپە کە ڕێی تێدەچێ لە ڕوانگەی هەندێ لە قوتابییەکانیەوە دانرابێ.

بەڵام سەرباری راستی و ناڕاستی ئەم سەلماندنە، ئەوەی کە دەمێنێتەوەو گرنگە ئەوەیە کە ئەرستۆ هەمیشە پەسەنمەندبووە لە رەفتاری خۆیدا لەنێوان چەمکێ کە لە فەلسەفەی خۆشنودییەوە دەردەکەوێ و چەمکێکی تری هۆشمەندی.

هەمیشە مکوڕ بووە لەسەر ئەوەی کە پەنا بباتە بەر ئەزموونێکی گشتی بۆ تێکڕای شێوەکانی مرۆڤ و بەتەنیا لە شتە ئەبستراکتەکاندا نەمێنێتەوە. لەبەر ئەوە سەراپا هاودەنگە لەسەر ئەوەی ئامانج لە ژیانی رۆژانەدا، یاخود گەیاندنی (چاکەی باڵا)(٨) گەیشتنە بە بەختەوەری.

کەوایە بەختەوەری چییە؟ بەدڵنیاییەوە بەهیچ شێوەیەک ئەوە نییە کە پڕە لە چێژ وەرگرتنی کاتی و تێپەڕ، ئەو دەرکەوتەیەش نییە کە لە نوقم بوون لە رامانی (ئەفلاتۆنی) و پەسەندکردنی ئەبستراکدا "بەتەنیا خۆی" دەردەکەوێ، بەڵکو ئەو کامڕەواییەیە کە لە رێگای عەقڵییەتی گەوهەریانەی مرۆڤەوە دەرکی پێ دەکرێ، کارێکە لە رێگای چاکەی مرۆڤەوە پێکدێ "چالاکییەکی دەورە دراوی تایبەتە بەهۆی ئەو پێکهاتە خودییەوە دەجوڵێنرێ کە خودێکی عاقڵە" (کتێبی یەکەم).

لێرەدا دەبێ جیاوازییەک بکەین لەنێوان فەزیلەتێکی دەستگیر بوو کە لە کردەیەکی عەقڵیانەوە سەرچاوەی گرتووەو دەکرێ لە رێگایەکی زانستیانەوە پێشبخرێ، لەگەڵ فەزیلەتێکی ئەخلاقییانە (Ethiques)، (کە لە نەریتەوە سەرچاوەی گرتووە).

لەکتێبی دووەمیدا دەربارەی ئاکار، ئەرستۆ جیاوازی لەنێوان فەزیلەتی ئەخلاقیانەو نەریتدا دەکات: بەم پێیە فەزیلەت تەنێ کردار نییە، بەڵکو "شتێکی پێکهێنراو"ە (ئێمە دادڕەوا دەبین گەر هاتوو بەشێوەیەکی دادپەروەرانە رەفتارمانکرد.): شتێکە لەلایەنی ویستەوە پێکدێ و دەستنیشانی ئامانج دەکات لەگەڵ لایەنێکی ئەخلاقی کە دەستنیشانی هۆیەک دەکات.

لێرەوەیە کە پێناسەیەکی ئەرستۆییانە دێ، بەوەی کە دەڵێ: "فەزیلەت حاڵەتێکی

دەستگیربووی ویستراوە، دەربارەی ئەوەی کە پێمانەوە پەیوەستە، پشت بە پێوانەگیری دەبەستێ، حاڵەتێکە بەشێوەیەک کە بگونجێ لەگەڵ ڕەوتاری هاوسەنگی مرۆڤدا لەلایەن عەقڵەوە دیاری دەکرێ).

لەکتێبی سێیەمیشیدا شرۆڤەی کاری ئەنجامدراو دەکات تاوەک نەریتێکی پەسەند، ئەو پێناسەیە دیاری بکات، یان بگاتە لۆژیکێکی راست و دروست، بەمانای جەختکردنەوەیە لەسەر بەرپرسیارێکی مرۆڤ، ئەمەش پێچەوانەی ئەو چەمکە سوکراتیەیە کە دەڵێ: "هیچ یەکێ بەپێی پوختی هەڵبژاردنەکەی زیانۆمەند نییە"(٩).

لە کتێبی چوارەمیدا لەگەڵ پێنجەم وەسفی فەزیلەتە ئاکارییە تایبەتەکان دەکات وەک "میانگیری و ئاشکرابێژی و...هتد" لەگەڵ جەختکردنەوەیەکی راڤەییانە لەسەر چەمکی دادپەروەری کە دەکرێ دابەشکراو یان چاکە خوازی بێ، لەم نێوەندەشدا باس لەو فەزیلەتە دەستگیربووانە دەکات کە لە کردەی عەقڵییەوە سەرچاوەیان گرتووە، ئەوانیش ئەو پێنج فەزیلەتەن کە ئەرستۆ لە کتێبی شەشەمیدا دەیانژمێرێ، وەک: زانست، هونەر، هزرین، بیر، دانایی: هەریەکێ لەمانەش وادەناسێنێ کە وێنەو ئامانجی چاکەیە.

کتێبی حەوتەمیشی وا ڕەچاو دەکرێ کە دەسپێکی ئەو باسەیە کە لە کتێبی دەیەمیدا تەواودەبێ، تیێدا فەیلەسووف بایەخ دەگێڕێتەوە بۆ چەمکێکی دیاریکراوی چێژ کە بنەمایەکی بەختەوەرییە، بەڵام بەو مەرجەی کە لە عەقڵەوە هاتبێ.

کتێبەکانی هەشتەم و نۆیەمی تایبەتن بە لێکۆڵینەوەی چەمکی دۆستایەتی ئەو – چەمکەی کە ئەرستۆ لە تەواوی شێوەو ڕێتێچوونەکانیدا وەک فەزیلەتێک لە فەزیلەتە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ (وەک "گیاندارێکی سیاسی") لێی دەکۆڵێتەوە– و پەیوەستە بە چەمکی دادپەروەرییەوە: چونکە لە توانای مرۆڤدا نییە کە بەشێوەیەکی تەواو بکرێتەوە بەڕووی شتەکاندا مەگەر لەڕێی پەیوەندیکردن بەوانی ترەوە نەبێت.

دەگەینە کتێبی کۆتایی (دەیەم)، کە تێیدا ڕۆدەچێ لەشیکردنەوەی چەمکی

(چێژ)دا، بە بەڵگەی ئەوەی کە دەبێتە پێودانگێک بۆ بەرکەماڵبوونی کردار و دەکرێ ببێتە هاودەنگی هەموو جۆرە ئەرکێکی خود، زیاتر بەوەی کە لەسەرەوەدا هاتووە. لەبەر ئەوە ناکرێ چێژ نە لە فەزیلەت و نە لە بەختەوەری جیابکرێتەوە. لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین کە شرۆڤەی ئەرستۆ وەک ئەوەیە کە دەست بە مەیلێک دەکات بۆ جۆرێک لە هۆشمەندی (ئەوەی کە زۆرێک رەخنە لە سەرگرتووە، وەک شێوەیەک لە شێوەکانی دژە واتایی)، ئەرستۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ ئاسوودەیی تەواو نادۆزێتەوە مەگەر لە رێگای تێڕامانی حەقیقەتەوەنەبێت. ئەوەی کە لە رووداوەکانی ئەم دنیایە دامان دەبڕێت و چێژی خۆشگوزەرانییەکی تەواویان خوداییمان دەداتێ.

بەڵام کاتێک خۆشگوزەرانی تەواو بەدەست نەیەت، مەگەر لەخواپەرەستیدا نەبێت، ئەوا رۆحسووکی رەوشتمەندانە بۆ مرۆڤ گرنگە تاوەکو ئارەزووەکانی کەمکاتەوەو بەشێوەیەکی تایبەتی لەژیانی سیاسیدا بەکاری ببات.

لەم سۆنگەیەشەوە ئەوە دەردەخەین کە کتێبی "ئاکاری نیکۆماخی" هاوجووتە لەگەڵ میتافیزیکادا هەروەک ئەوەی گونجاوە لەگەڵ سیاسەتدا. ئەگەر چی ئەوەی ئەرستۆ بەشێوەیەکی گشتی دیاریدەخات پێشکەشکردنێکی سەرنجڕاکێش نییە (هەندێ جار چڕ بوونەوە لە رادەبەری تێدایەو هەندێ جاریش درێژ بڕییەکی زیاد لە پێویست). وا لێکدەدرێتەوە ئەمە کارێکی بنچینەییە کاتێ کە لە دەسکەوتی ویستەوە دێ بۆ وەڕووخستنی ئاکارێکی راستەقینە لە سەر ئاستی مرۆڤ- هەتا ئەوکاتەی کە لە رێگەی ئەو هاووڵاتیانەی لەسەر فەزیلەت راهاتوون ئاراستەی جەماوەر بکرێ.

لەبواری سیاسەتیشدا ئەوانەی کە دوای لێتوێژینەوە نووسیونی دەربارەی دەستووری شارەکانی یۆنان و دەوڵەتی "بەربەری" ئەو کاتەیە. لەوێدا ئەرستۆ جەخت لەسەر ئەو کاتە گۆڕییە دەکاتەوە کە وای دادەنێ دەوڵەت شێوەیەکی باڵاترە لە ژیانی کۆمەڵایەتی.

ئەو هەر لەم روانگەیەوەیە کە پێشینەیەک بۆ تاک و خێزان دادەنێ بە رێژەیەک کە

له توانـایدا هـەیه خـۆی پێـبگەیەنێ و پێـی وایه کـه وەدیـهـێنانی ئـامـانجـەکـان دەبنه لایەنێکی گرنگ لای تاک و خێزانەکان و له هەمانکاتدا بەدەستی دێنن، ئەمەش وتەزا بەناوبانگەکەیمان بیر دەخاتەوە که دەڵێ: "مرۆڤ گیانەوەرێکی سیاسییه".

لەمیانەی لێکۆڵینەوە له رەگەزەکانی دەوڵەت ئەرسـتۆ بەڵگەی ئەوە دێنێتەوە کە له ئەنجامی جیاوازی سروشتی لەنێوان مرۆڤەکان و پێداویستییه تەکنیکییەکانی رەنیۆ هێناندا جۆرە کۆیلایەتییـەک هـەیه. لێرەشـەوە دەگاتە ئەو دەرئەنجامـەی کە جـیاوازی نێوان مرۆڤی ئازاد و کۆیله وەک جیاوازی نێوان چاکەو خراپه وەهایه.

دواتر له ئەنجامی نیشاندانی پەیوەندی و چالاکییەکانی خێزانەوە، ئەرستۆ لەوە دەکـۆڵێتـەوە کـه چۆن دەکـرێ مـرۆڤ به رێگایـەکی سـروشـتـیـانـه دەوڵەمـەندبـێ (بەجۆرێکی بەدەر له سووخۆری).

هەروەکو له تێکرای رووەکانی دەسەڵات دەکۆڵێتەوە لەنێو رێکخستنی خێزانیدا: وەکو ئەوەی کە بوونی دەسـەڵاتی مێرد بەسـەر ژنەکەیدا لەو دەسـەڵاتە دەچێ کە لەناو جەرگەی حکومـەتی کۆمـارییدا هـەیه، هەروەکو دەسەڵاتی باوک بەسـەر منداڵەکانیدا لەو دەسـەڵاتە دەچێ کە له حکومەتی پاشایەتیدا بەرقەرارە.

هەروەهـا ئەرســتــۆ دەربارەی چەمکی کـۆبـەشی (الـشـیـوعـیـه) بەرەو رووی مـامـۆسـتـاکـەی (ئەفلاتۆن) دەوەسـتێـتـەوە، کە پابەنده به پەیوەندی و پەیوەسـتیـه سۆزدارییەکانی نێوان خەڵک و نەوەکانیان. وای دادەنێ ئەوەی که دەستنیشـانی ئەم پەیوەندییـانه دەکـات لەلایەکەوە خـودی سـروشـتـه و لـەلایەکی تریشـەوە بنەمـاکـانی پەروەردەکردنه، (ئالێرەشدا رۆڵی دەوڵەت لەبواری پەروەردەکردندا دێتەکایەوە تاوەکو لەم رێگەیەوە "بەشێوەی سەپاندن" نەوەکان بکاتە هـاووڵاتییەکانی داهاتوو).

دوو فــەزیلـەتی ســـەرەکی بۆ هـاووڵاتی بـریتـین له گــوێڕایەڵی لەلایـەک و توانـای بەڕێوەبردن لـەلایەکی ترەوە، چونکه دەســتنیــشــانکردنی ئـەم دوو ســیــفــەتە بەشداریکردنێکی پۆزەتیڤانەیه له چێکردنی دادپەروەری و دادوەرێتی دا.

لەم میانەیەدا ئەرستۆ دەستنیشانی سێ شێوەی حکومەت دەکات بەگوێرەی مومارەسەکردنی دەسەڵات -کە هەمیشە لەتێڕوانینی ئەوەوە هەبوونی حکومەتە- کە دەکرێ تاکگەرابێ، یاخود دەستەیەکی بچووک یا گەورە کاری تیا بکەن: ئەوانیش پاشایەتی، ئەرستۆکراتی یان کۆمارییە، بە جەختکردنەوە لەسەر هەربوونی لایەنێکی خراپی هەریەک لەم نموونانە، ئەم لایەنە خراپەش ئەوەیە کە هەمیشە دەسەڵات، چەوسێنەر یان ئۆلیگارشی یان دیموکراتییە- کە هەمووشیان جۆرێکن لە زاڵبوون بەسەر سروشتدا- لەبەر ئەوە ئەرستۆ هیچ جۆرە حکومەتێکی دیاریکراو ناسەپێنێ بەسەر ئەوی تردا، بەڵکو بەجۆرێک دایدەنێ کە لەگەڵ تواناو تایبەتمەندییەکانی گەلدا بگونجێ.

لەکۆتاییدا وای دەبینین کە ئەرستۆ فەیلەسوفێکە پێش زەمانی خۆی کەوتووە، دەربارەی هەرسێ شێوەی دەسەڵات دەدوێ وەکو ئەوەی کە دەستنیشانی کردووە. ئەوانیش: راوێژکاری و بەڕێوەبردن و دادوەرییە. دواتریش دانەر و ئامادەکاری ئەوەیە کە مۆنتسکیۆ دوای دوو هەزار ساڵ پێی دەناسرێ و ئەمڕۆش بە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری ناودەبرێن.

لەدیدی ئەرستۆوە هەژموونی ئیمپریالیزمیانەی نەتەوەیەک بەسەر ئەوانی تردا چی پاساوێکی تری نییە، جگە لەوەی کە سەرکەوتنێکی سروشتیانەی یەکێکە بەسەر ئەوانی تردا، وەک ئەو حاڵەتەی یۆنان کە ئەرکی "ئاگادارکردنەوە"ی ئەوانی تری لەسەر بووە.

ماویەتی بڵێین هەندێ لە نووسینە گرنگەکانی تری ئەرستۆ بریتین لە: فیزیا، دەربارەی ئاسمان، دەربارەی گەردوون و خراپە، مێژووی گیانەوەران، ئەندامەکانی گیانەوەر، نەژادی گیانەوەر، دەربارەی رۆح، میتافیزیکا، دەستووری ئەسینا، هۆنراوە، رەوانبێژی.

***

**(لە فەرهەنگی ناتانی فەلسەفییەوە)**

**دانانی: جیراردورۆزوی، ئەندریە رۆسێڵ      پیاچوونەوەی: دیمیتری ئەفیرنیوس**

## پەراوێزەکان

١- ئەو وانەو ڕێنماییە گشتیانەن لە دەرەوەی وانە تایبەتییەکانەوە دەوترێتەوەو تێگەیشتنیان ئاسانە.

٢- بریتییە لە گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ جیهانی ناوەوەی خۆی و دۆزینەوەی خودی ئەسڵی.

٣- هەموو مەزهەبێک کە لەسەر بنەماو وێنە یەکەمینەکان دەوەستێ و تەحەکوم بە ئەزموونەوە دەکات.

٤- ئەو تیۆرەیە کە ئەفلاتۆن باسی لێوەکردووە، پوختەکەی ئەوەیە کە نەفسەکان پێش ئەوەی پەیوەندی بکەن بە جەستەکانەوە، لە هاوەڵێتی نموونەکاندابوون، گەر هاتوو هەستەکانیش هەستیان بە تارماییەکانی ئەو نموونانە کرد ئەوا خودی نموونەکانیان بیر دەکەوێتەوە، زانست بیرکەوتنەوەو نەزانینیش بیرچوونەوەیە.

٥- بنەمایەکی ئەخلاقییە رای دەگەیەنێت کە پێویستە مرۆڤ وا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە ئامانجە لەخۆیدا نەک ئامرازبێت، بوونی کەرامەتیش لەوێوەیە کە مرۆڤ لە سەرووی هەموو ئیعتیبارەکانەوەیە.

دەربارەی ئەنتۆلۆژیایش، لای ئەرستۆ بریتییە لە زانستی بوون بەوەی کە هەیە، هەر لەبەر ئەوەیش ناونراوە توێژینەوەی میتافیزیکای گشتی.

٦- مەبەست لە شتە گشتییەکان، ئەم پێنج دەربڕینەیە: رەگەز وەک گیانداری، جۆر وەک مرۆڤایەتی، پاژ و توانای دم و دو، تایبەتمەندی وەک هێزی خەندە، نیشاندان وەک نوسین.

٧- کائن Entity، بابەتێکی دیاریکراو یاخود مەسەلەیەکی هاوبەش لەنێوان تاکەکانی جۆرێکدا.

٨- مەبەست لە چاکەی باڵا، لوتکەی خەیرەکان و ئامانجی باڵایە بۆ ئەخلاق.

٩- هەڵبژاردن، حاڵەتێک یان سیفەتێکە لە مرۆڤدا کە بەهۆی ئەوەوە کاری چاک و پەسەندکراو دەخاتەپێش کاری خراپ و پەسەند نەکراوەوە.